# ئاین و سیاسەت

**نەرمین سەعید**

ئاین و سیاسەت بەرهەمێکی دیکەی وەرگێردراوی (یاسین عومەر)ە، یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران و، لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپیکردووە.

بابەتی (ئاین و سیاسەت) نووسینێکی نینیان سمارت مامۆستای کۆرسی بەراوردکاری ئاینەکان و سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوەی ئاینی زانکۆی کالیفۆرنیا (سانتا باربارا)یە، لە سەرەتای نامیلکەکەدا ئاماژە بە ئاین کراوە ئاین لە چەند روویەکەوە بە سیاسەتەوە گرێدەخوات، یەکەم: ئاین لە سەرتاسەری کۆمەڵگەی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا کە ئێستا سیستمێکی سیاسی باوە مامەڵە یان کاروکاردانەوە ئەنجام دەدات.

دووەم: زۆرێك لە ئاینەکان بوونەتە هێزگەلێکی مەزنی جیهانی و کاریگەری لەسەر سیستمێکی نێونەتەوەیی دادەنێت و ئەمەو چەندین خاڵی پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئاین خراونەتەروو، لە شیکردنەوەی کاروکاردانەوەکاندا پێناسە باوەکەی ئاین لەبەرچاو دەگرین، کە تیایدا جەخت لەسەر مەسەلەی خواوەند یاخود مەسەلەکانی سەرو سروشت دەکاتەوە، لەم رێیەشەوە جیاوازی لەنێوان ئاین و ئایدۆلۆژیا جیهانییەکان دادەنێم، لەوانەش مارکسیزم، هەروەك بڵێی کە دەشێت ئەم ئایدۆلۆژیایەش وەکو ئاینەکان کاربکەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم نامیلکەیەدا هاتووە" دەشێت لە هەندێك مەسەلەدا مەزهەب یان ئایدۆلۆژیا نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی بێت" لەو شوێنانەی کە جیاوازی ئاین ئەو بایەخەی بەدەستهێنا کە شایستەی تێبینی بێت، ناسیۆنالیزم زمانێکی شیاو بوو تا میللەت بە یەکپارچەیی رابگرێت، هەروەك لە ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەمدا".

لە لاپەرەکانی ئەم نامیلکەیەدا ئاماژە بە سەرجەم ئاینی و ئاینزاکان لە هەندێ وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپاو کراوە، ئاماژە بە ئاینی ئیسلامیش وەکو ئاینێکی بڵاو لەنێو وڵاتانی ئاسیادا کراوە، هەروەها لە هەندێك شوێندا باس لە ئاینی رەسەنی وڵاتەکان دەکات، بۆ نمونە ئاینی رەسمی لە بەریتانیا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هێشتا هەر پەیوەستە بە پادشایەتییەوە، بەڵام لەو وڵاتەدا بە کردەوە پرۆلاریزم دەسەڵاتدارەو رۆڵی دالایلاما لەوکاتەوەی کە دوور لە نیشتمان ژیانی بەسەردەبرد، لایەنێکی رۆحی توندی پەیداکردووە".

بەڵام لە ئێستادا بەجیهانبوونەوەی دامەزراوەکان کاریگەری لەسەر ئاینە نەریتییەکانی داناوە، رەوەند بە ئاقاری شێوەگرتنی بلۆکە رۆحانییەکان، ئەویش لەرێگەی چەند رێکخراوێکی وەکو ئەنجومەنی جیهانی کڵێساو کۆمەڵی جیهانی بودایەکان و رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامییەوە، هاوکات لەگەڵ ئەمە بزافێك بە ئاقاری هاوبەشبوونی زیاتر باوەڕوکار لە ئاین و مەزهەب و جۆراوجۆرەکاندا دەبینرێت".

